www.kurdistannet.org
8-2-2006 15:43بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کاریگەری مۆدیرنیتات وکەسایەتی گەنج... شارا محەمەد سەید قادر

ئێمە لە چ چەرخێکی مێژوییدا دەژین؟ ئایا خۆمان و ویستەکانمان بەرەنگاری یەک وەستاون؟ ئایا تاچەند لە پە یوەندیە مرۆڤایەتیەکانمان قایلیین؟ تێگەیشتن لە یەک و بەشکردن لەنێوان کەسەکاندا کەمی کردووە یان وەک ئەوسایە؟ هەستەکانی ئێمەن گۆراون یان پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکانە قاڵبێکی تریان وەرگرتوە کە مرۆڤی ئەم خۆیەوە بیبینێت و نەتوانێ ئاسایانە رەفتاری لە گەڵدا بکات؟ سەردەمە زۆر لە سەروو دەستەڵاتەکانی
دیاردەیەکی زۆر ئاسایە گەر کۆمەڵێ ئەندامانی کۆمەلگا هەندێ جار یا سا نە نوسراوەکانی کۆمەڵگای خۆیانیان پێ پەسەند نەبێ و نە توانن ئەو یاسایانە بکەنە یاسای خۆیان و وەک دیاردەیەکی نامۆ هەڵس و کەوتی لەگەڵ نەکەن و بێ کێشەو گرفت مامە لە بە و یاساناو خۆیانە نە کەن لە گەڵ کەسانی دەوروبەریاندا، بەڵام گەر دیاردەی بەر پەرچ بونەوە لە و یاسا (نەنوسراوە کۆمەڵایەتیانە) رێژەیەکی زۆری لە کۆمەڵگا گرتەوە ئەوا ئەو کات کێشەیەک لە باسە کە ئەکرێ گونجاو تر بێ کە بە چاوێکی رەخنە گرانەترەوە سەر لە نوێ چاو بە یاسا کۆمەڵایەتیەکاندا بخشێنرێتەوە و پەنچە بخرێتە سەر ئەوباسانەی کە دیاردەی نامۆی هێناوەتە ئاراوە.
جا لە بەرئەوەی گەنج لە هەمو سات و کات و کۆمەڵگایەکدامیحوەری هەڵقولانی بیرۆکەی تازەو تازە گەرین هەرئەوەشە کەوا لەم گروپە دەکات کە زۆر هەستیار تر بێ بەرامبەر بە گۆرانە خێراکانی سەردەم و زوو قایل نەبێ بە یاساو ئامادەی خۆ گونجاندنی نە بێ لە گەڵ سیستەمەکەی پێش خۆیدا و لەگەڵ گۆرانکاریەکانی سەردەمیشدا ئاسانانە نەتوانێ رەفتاری لەگەلدا بکات.
جا مەبەست لە گەنج بێ دیاری کردنی رەگەزی نەتەوایەتی وە وجێ سەرنجیشە کە گەنجی کوردیش لەم چەرخەدا بە هیچ جۆرێک بێ بەش نی یە لە هاوتەمەن و هاوسەردەمی خۆی و بە تایبەتیش گەنجەکانی هەندەران پەیوەندیەکی زۆر راستەوخۆیان هەیە و تێکەڵ بونێکی گەورە بەدی ئەکرێت لە گەڵ رۆژئاواداکە جێ وەستان و تێروانین بێت.
سەرەتا بە هۆی گەشەکردنی ئامرازەکانی هاتوو چۆ لەنێوان شارەکاندا و بایەخدان بە زانست و هونەر و کرنەوەی قوتابخانەو زانکۆی جۆراو جۆر لە شارەکاندا و هاتنە ئارای کۆمەڵی کارو پیشەی نوێ بوە هۆی ئەوەی تێکەلەی شار بگۆری و ئە وپەیوەندیە بە هێزەی کە لە سەر بناغەی خۆشەویستی و رێزلە یەک نان و پاراستنی بەرژەوەندی و خزمایەتی بوو بێ هێزو لاواز بێت و جۆرە مامەلە کرندێکی جیاواز بێتە ئاراوە.
لەگەڵ تێکەڵ بوونی رەگەزە جیاوازەکان لە شارداو بە ئنتەرناشێۆنال بوونی شارەکان ئەو پەیوەندیە بە هێزە ی ئەوسا نەک تەنها کزو کەمی کرد بەلکو وای لێهات کە مرۆڤ ئاگاداری و شارەزای لە کەسە کانی دەورووبەری خۆی نەمێنت و بۆ نمونە نەزانێت کە ئەو کەسانەی کە لە دەوورو بەری دەژین کێن و بە چی وە خەریکن.
بەڵام لە گەڵ پەرەپێدان و هاتنی تکنۆجیا جیاوازەکانی سەردەم بۆ نمونە ئنتەرنێت و سەتەرلایت وای کرد کە شارە گەورەکان ببنە لادێکی بچووک و ئەو دوورکەوتنەوەی کە هەیە لە نێوان خەلکدا گەورەتر بێت.

ئەم قۆناغە نەک تەنها پەیوەندیەکانی نێوان خەڵکی کەم و لاواز و بێ ئاگا کرد لە یەک بەڵکو وای کرد کە ئەندامانی خێزانێکیش بۆ نمونە کە دانیشتوی یەک ماڵ بن ئاگاداری هەڵس و کەوت و بیرووبۆچونی یەکترن نەبن.

لە گەڵ پێشکەوتنی زانستی تەکنەلۆجیا لە جیاتی ئەوەی پەیوەندیەکان بەهێزتر بێت و ئەو دووره پەرێزیەی کە لەنێوان کەسەکاندا درووست بوه بەرەو کەمی بروات بە پێچەوانەوە زیادی کرد و کاریگەریشی لە سەر گەنجی ئەم سەردەمەش ئەوەیە کە گەنجەکان زۆر بە ئاگایانەترە وە لە بەرژەوەندیەکانی خۆیان رەفتارومامەڵە لەگەڵ دەوروبەریاندادەکەن.

کاتێ پەیوەندیەکان لە نێوان تاکە کەسەکاندا لە سەربناغەی خزمایەتی و پاراستنی بەرژەوەندی خێڵەکەیان و ترس و کۆنترۆڵ نەما ئەوا ئەو کات کەسەکان هەڵس و کەوت زۆر جیاوازانە تر بەرامبەر بە یەک ئەکەن و تاکەکەس لە بەرئەوە ی خەمی خزمایەتی و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خێڵەکەی نی یە و لە چاو کۆنترۆل و دەورووبەر ناترسێ زۆر ئازادانە تر ئەکرێ مامەلە لەگەل دەوورووبەرەکەیدا بکات. هەرچەندە ئامێرێکی پێوانە نی یە تاکو مرۆڤ بزانیت بە رێژەی چەند خۆی خۆیەتی بە لام ئەکرێ کە لە سێ هەم قۆناغدا بە رێژەیەکی زۆر زۆرتر خۆی بێت.

بەلام کاتێ تاکەکەس هەست بە بوونی پێوستی درووست بوون یان بەستنی پەیوەندی ناکات لەگەل دەوورووبەرەکەیدا ئەوا ئەوکات کێشەیەک دێتە ئاراوە کە ئەکرێ مرۆڤ پێش هاتنی ئەم قۆناغە بە هیچ جۆرێک رێ پێ نە بردبێ کاتێ تاکەکەس تەنها بیر لە خودی خۆی ئەکاتەوە و وەک سەنتەری هەموو بەرژەوەندیەکان خۆی دەبینێت و دەیەوێ هەموو شت لە دەووری ئەو بخولێتەوە ئەوا ئە وکات مرۆڤایەتیەک دێتە ئاراوەکە زۆر دووربێ لە مرۆڤایەتی.

جا لە بەر ئەوەی باسەکامان هەول دانێکە بۆ خستنە رووی گۆرانی کەسایەتی گەنجی ئەم سەردەمە جێ سەرنجە کە رۆلی گەنج کارێکی لە بیرنەکراوە و لەبەرئەوەی گەنج تەنها چاوگەی بیرو بۆ چوونی نوێ و تازە گەری نین. بەلکو دەستی کاروو ئابوری وولاتیش لە سەر شانی ئەوان بەندە، لە وانەیە لە سەرەتاکانی تەمەنیاندا نە توانن ئە و رۆلە ببینن بە هۆی کەمی ئەزمون و چەندەها هۆێ کە کە نەتوانم لێرە دا بەووردی تیشکی بخەمسەر، بەلام بێ گومانە کەهەر ئەوانن لە دوارۆژدا لە بوارە جیاوازە گرنگەکانی دەولەتدا ئەبنە کارمەندی بەتوانا و لێ هاتوو.

جا گەرگەنج هەڵگری بیرو بۆچونی ئاشتی خوازانە بێت و بۆ نمونە رێز لەمافی تاکە کەس بگرێت و باوەری بە یەکسانی دوو رەگەزە جیاوازەکە هەبێت ئەوا بۆ ئەم گروپە ئاسانە ئایدۆجیای خۆیان لە دامودەستگاکانی دەولەتدا هەول بدەن بەرقەرارکەن، جا گەر دەستگاکانیش هەمان هەلگری بیرو بۆچون و ئایدۆلۆجیابن ئەوا بۆ گەنجەکان مامەڵەکردن ئاسانتر دەبێت لە دەستگاکانی دەوڵەتدا، لەبەرئەوەی ماڵ و کار لە یەک جیاوازنین و تەنها درێژ کردنەوەی یەک رێگاو و بۆ چونن.

بەلام ئایاگەنجەکانی ئەم سەردەمە زۆر بێ خەمانە مامەڵە ناکەن لەگەڵ دەورووبەریاندا و خۆیان کەمتر بەرپرس نازانن بەرامبەر بەو هەموو کەموو کوریەی سەردەم و ئەوپێداویستیانەی کە ئەم چەرخە لەگەڵ خۆیدا هێناویەتە ئاراوە وە هەندێ جار راشکاوانە کەم ئامادەی و خۆ نەگونجاندنی نەگەتیفانەیان زۆر پۆسیتیفانە پێشان نادەن؟

گۆرانی کەسایەتی گەنج بەرەو کەسایەتیەکی زبرو رەق وای لە زۆر لە گەنجەکان کردوە کە جارێکی کە بگەرێنەوە بەدوای پێناسەکردنێکی نوێدا بۆ پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکان و ئامادەی و بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە ترازوو دانێن، بەڵام بێ شکە کە ئەمەش کارێکی ئاسان نی یە، چونکە سیستەمەکە زۆر ئاڵۆزتر بوە و کەسەکانیش زۆر باشتر شارەزای خواست و حەزەکانیانن و هەستیار ترن لە رادەی ئامادەیی بەخشین و وەرگرتنیان.

ئەم گۆرانە دیار و بەرجەستەیەی کەسایەتی گەنج وایکردوە کە گەنجەکانیش لە ناو خۆیاندا نەتوانن پەیوەندیەکی ئاسایی و درێژخایەنی بێ خەوشیان هەبێ لەگەڵ یەکداو هەست بە ماڵەوەنەکەن و گەر جیاوازیەکی بچوکی بیرو بۆچۆنیش هەبێ زۆر زیاتر لە قەبارەی خۆی کات و شوێنی دەدەنێ. جا ئەو نەتوانینی خۆ گونجاندنەو نەبونی پەیوەندیەکی ئاسایی وا لە کەسەکان دەکات کە هەردەم بە دوای شتێکدا بگەرێن کە خۆشیان زۆر باش نەزانن چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکەن.

بەهۆی ئەو دوورکەوتنەوەیە لە پەیوەندیەکاندا نزیک بونەوەیەک بەدی دەکرێت کە ئەم جارە لە سەر بناغەی لێک چوون و تێ گەیشتن و بەشکردن بێ. سەرەتای درووست بوونی پەیوەندیەکان لە سەربناغەی هەڵبژاردنە بە نزیکەیی بۆ نمونە کەسێک کەسێکی کەی پێ پە سەندە لە سەر بناغەی ئەوەی ئەندامی هەمان کلوپی وەرزشە

یا خود خۆیندکاری هەمان زانکۆیە یان شێوەی پۆشینی دەرەوەی بەلاوە یەکە لەگەڵ خۆیدا، بەڵام ئەوەی جێ سەرنج و پرسیارە باشە تا چ رادەیەک ئەو هەڵبژاردنە بە بە نزیکەیی دەبێتە نزیک بونەوەی تەمەن درێژ خایەن و رازی بوون و بەخشین دوور لە پاراستنی بەرژەوەندیە بەرجەستەکانی تاکە کەس.

باشە هەستەکانن گۆراون یان کاریگەری بەمۆدێرن بونە کەوا لە گەنجی ئەم سەردەمە دەکات کە بەردەوام هەست و بەرژەوەندیەکانی بەرامبەر بە یەک دانێت و زیاتر کێشی تەرازووەکە بەلای هۆش و پاراستنی بەرژەوەندیەکانیاندا قورسای بێنێت؟ ئایا ئەم دوورکەوتنەوەیەی کە ئێمە هەستی پێ دەکەین دیاردەی بەرەو پێش چوونەو هەموو مرۆڤایەتی لەگەڵ گۆرانکاریەکانی چەرخەکەیدا دووچاری نەبۆتەوە؟ ئایا ئەو دوورکەوتنەوەیەی کە لە سەرەوە ئامارەی پێکراوە مرۆڤی کۆنیش هەستی پی نەکردوە لە کاتێکدا کە بۆتە خاوەن بەردی ئاگر کردنەوەی خۆی؟

شارا محەمەد سەید قادر
خۆیندکاری ماستەربەشی کۆمەڵناسی زانکۆی رۆتردام لە هۆڵەندا